Kurdish Human Rights Association

بۆ پاڵێوراوانی بەرەی ڕەنج لە باکوری کوردوستان و گەلی شۆڕشگێڕی باکور

خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە هەمو قۆناخەکان و بە هەمو میتۆدەکانی، بۆ بە دەستهێنانی مافە زەوتکراواوەکان و بۆ ئاشتی و چارەسەری و دێمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان هەنگاوی بەرچاوی ناوەتەوە . کوردستان فیداکاری و قوربانیەکی زۆری داوە و هەول و تێکۆشانەکان ئێستا لە باکوری کوردستان بە ئەزمونێکی نوێ و دێمۆکراتیانە خەباتی ڕەوای خۆیان بە یەکریزی و یەکدەنگی بەرەو پێش دەبەن و ئەو ڕەوتە خەباتە چارەسەریانەی گەلەکەمان لە باکور وەک مۆدێلیکی سەرکەوتوانە دەنرخێنریت و دەبێتە ئولگویەکی بە نرخ لە هەمو بوارەکانی مەدەنی و سیاسی و خۆ بەڕێوەبردن .
کۆل نەدان و خەباتی بیوچانی تێکۆشەرانی گەلەکەمان لە باکور بە فیداکاری و خۆبەخت کردن ئەو ڕۆژەی هێناوەتە ئاراوە و ئەوەش ئەو پەیامەمان دەداتێ کە ئاسیمیلە کردن و فریودان و قڕ کردنی نەتەوەیەک هەتا سەر ناتوانێت بەر دەوام بێت و لە بەرامبەر یەکڕیزی و یەکگرتویی گەل مەجبور بە پاشەکشە دەبێت، ئەوڕۆکە ئەو پاشەکشەیەی بە چاو دەبینین.
هەڵبژاردنی 12 مانگی ژوئین و سەرکەوتنی گەلی کورد فازێکی نوی لە خەباتی گەلەکەمان دێنێتە ئاراوە و پرۆسەی بەرەوپێش چونی ئەم قوناخە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر خەبات لە هەمو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت بە دیمۆکراتیزە کردنی ناوچە، بەشداری کردنی هەرە زۆری تەیفەکانی گەلی کورد و پشتگیری لە نوێنەرانی دڵسۆزی خۆیان مەیدانی ئازادی و دێمۆکراسی بەرفراوانتر دەکاتەوە و دەبێتە ئامرازێک بۆ پێشڕەوی دێمۆکراسی .
لەو ڕوانگەوە ئێمە ئەم هەڵبژاردنەی تورکیە بەرز دەنرخێنین و هیوادارین گەلی کورد لە باکور بە گشتی لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان لە ناو بەرەی ڕەنج پشتیوانی بکەن و مێژوی سەردەم بە کانالی دێمۆکراسیدا لە باکوری کوردستان بەرەو سەرکەوتن و ئازادی بەرن .

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد – ئوروپا
20110607